زانكۆى پۆليتەكنيكى هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

# (Module Name) Course Catalogue

# 2023-2022

| | | |
|---|---|---|
| **Institute** | **Choman Technical Institute** | |
| **Department** | **کارگێری گومرگەکان** | |
| **Module Name** | **ڕێکخراوی گومرگی جیهانی و ڕێککەوتننامە نێودەولەتییەکان** | |
| **Module Code** | **ICA404** | |
| **Semester** | **چوارەم** | |
| **Credit** | **7** | |
| **Module type** | **Core** | |
| **Weekly hours** | **4** | |
| **Weekly hours (Theory)** | **( 2 )hr Class** | **( 68 )hr Workload** |
| **Weekly hours (Tutorial)** | **( 2 )hr Class** | **( 120 )hr Workload** |
| **Lecturer (Theory)** | **Zhwan hamadamin abdulla** | |
| **E-Mail** | **Zhwan.abdulla@epu.edu.iq** | |
| **Lecturer (Tutorial)** | **Zhwan hamadamin abdulla** | |
| **Email** | **Zhwan.abdulla@epu.edu.iq** | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **ناوەرۆکی گشتی کۆرس** | **Course overview** |

دروستبوونی بازرگانی نێودەولەتی دەگەرێتەوە بۆ هەبوونی ناکۆکی لە سەر سەرچاوەی سامانە سروشتییەکان, دروستبوونی پیشەسازی و گەشەسەندنی ئابووری جیهان و زیاد بوونی داخوازی بازاری ولأتان. بەلام تا ئاستێك چالاك بوونی ئەم جۆرە بازرگانییە قورس بوو, چونکە بەربەستی زۆری گومرگی لە بەردەمی هەبوو, کە هۆکار بوون بۆ سەرهەلدانی فێلکردنی بازرگانی, گەندەلی گومرگی, کەمبوونەوەی عملەی (پارە) بیانی ئەو دەولەتانەی کە هەناردەکەری کەرەستەی سەرەتای و خاو بوون, و کەم بوونی توانای دەولەت لە دابین کردنی پێداویستی بژێوی خەلك, هەر بۆیەش ئەم هۆکارانە بوون بە هۆی بەستنی دەیان پەیماننامە و رێککەوتننامەی نێودەولەتی گومرگی و بازرگانی, بە تایبەتی بەستنی رێککەوتنامەی گاتی سالی 1947 کە لە ئێستادا ناسراوە بە رێکخراوی بازرگانی نێودەولەتی.

وئامانج لە بەستنی ئەو رێککەوتننامانە لەناوبردن یان کەمکردنەوەی بەربەستی گومرگی و ناگومرگییە لە سەر کالا هاوردەکراوەکان, هەروەها ئاسانکاری ئالوگۆری بازرگانان لە نێوان ئەندامەکانی رێککەوتننامەکان, دانانی رێکاری تایبەت بە لەناوبردنی اغراق, چالاککردنی رێوشوێنەکان دژی سەرپێچییە گومرگییەکان, رونی و ئاشکرایی و یەککردنی رێکارە گومرگییەکان...هتد.

| | |
|---|---|
| **ئامانجەکانی کۆرس** | **Course Objectives** |

- ئاشنایی کردنی قوتابی بە گرنگی و تایبەتمەندی و جۆرەکانی پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەولەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و رێککەوتننامە گومرگییەکان بە شێوەیەکی تایبەت, و ناساندنی قوتابی بە پرەنسیب و زاراوە گرنگەکان و پێشەکی یاسای پەیماننامەکان.
- زیادکردنی توانای قوتابی لە بیرکردنی بابەتەکانی رێککەوتننامە گومرگییە نێودەولەتییەکان، و پێشکەوتنی توانای فێربوونیان و جێبەجێ کردنی لە واقیع.
- فێربوونی قوتابی بە چۆنیەتی تێگەیشتن و شی کردنەوەی دەقی رێککەوتننامە گومرگییەکان.

| | |
|---|---|
| **ئەرکەکانی قوتابی** | **Student's obligation** |

ئەرکی قوتابی لەم کۆرسە بریتی یە لە ئامادەبوون لە هۆلەکانی خوێندندا چونکە ئەم بابەتە بەبێ روونکردنەوەی مامۆستای وانە لە هولی وانە ووتنەوە تێگەیشتنی ئەستەمە، هەروەها پێویستە قوتابی رۆژانە پێش وانەکە ئەم بابەتە بخوێێننەوە تاکو بتوانێت ئەم بابەتە لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان کونترۆل بکات،و هەروەها بەشداری بکات لە گفتوگۆ و باسکردن و وەلامدانەوەی پسیارەکان. هەروەها پێوستە قوتابی خۆی بۆ تاقیکردنەوەی کتوپر لە سەر وانەکە ئامادە بکات، و هەروەها لە سەر قوتابی پێویستە راپۆرتی کورت و سیمیناری پەیوەندار بە بابەتەکە ئامادە بکات.

| | |
|---|---|
| **رێگایەکانی وانە وتنەوە** | **Forms of teaching** |

- محازراتی مامۆستا بە شێوەی گفتوگۆ لە گەل قوتابییان دەبێت.

- داتاشۆ.
- پاوەرپۆینت تەنها خالە بەهێزەکان لەخۆ دەگرێت.
- تەختەی سپی.
- هێنانەوەی نموونەی زیندووی تازە لە هەر تەوەرێکی بابەتەکەدا لە مەبەستی بە ئاگابوونی قوتابییان.
- لەمودل بابەتەکان بۆقوتابییان دادەنرێت.

**Assessment scheme:**
10 % Homework
2 %  Class Activity
16% Report, seminar, and Projects
8 % Quiz
24% Mid. Term Theory Exam
40% Final theory Exam
100% Total

**Specific learning outcome** **دەرئەنجامەکانی فێربوون**

- بە خوێندنی ئەم بابەتە، قوتابیان بە شێوەیەکی گشتی شارەزای تەواوییان لە سەر زاراوە سەرەکییەکان وە پێشەکی و ناوەرۆکی پەیماننامە و رێککەوتننامە نێودەولەتییەکان و چەندین دەستەواژەی تری گرنگ دەبێت.
- فێری قۆناغەکانی بەستنی رێککەوتننامە گومرگییەکان، هەموارکردن، شیکردنەوە و هەلوەشاندنەوەیان دەبن.
- توانایی جیٚ بە جیٚ کردنی زانیاری تیۆری رێککەوتننامەکان لە واقیع .
- هەروەها زانیارییان دەست دەکەوێت لە سەر جۆرەکانی رێککەوتننامە گومرگییە نێودەولەتییەکان.
- زانینی کاریگەری رێککەوتننامە گومرگییە نێودەولەتییەکان لە سەر دامەزراوەی گومرگ.
- زانینی لایەنی پەیوەندیدار بە جیٚ بە جیٚ کردنی ئەحکامەکانی رێککەوتننامە گومرگکییە نێودەولەتییەکان

**Course Reading List and References** **لیستی سەرچاوەکان**


- اتفاقية فينا لقانون المعاهدات 23 مايو 1969.
- قانون عقد المعاهدات العراقي 35 لسنة 2015.
- د. محمد سليمان قورة، النظام الجمركي الخاص، دار النهضة العربية، القاهرة، 2017.
- محمد سليم, اتفاقية الجات وآثارها على دول الخليج العربية, مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، 1997.
- ابراهیم زارعی, علیرضا مقدسی, سازمانها و کنوانسیون های بین المللی گمرکی, چ 1, شرکت چاپ و نشر بازرگانی, 1391.
- غلامرضا صفاری طاهری, کنوانسیون های بین المللی گمرکی: مهمترین ابزارهای قانونی سازمان گمرک, ناشر دانشگاه علوم اقتصادی, تهران, 1390.


| ناونیشانەکانی کۆرس | هەفتە |
|---|---|

| | |
|---|---|
| حوکمە گشتییەکان (پێناسەو و پۆلێنی و تایبەتمەندی پەیمانە نێودەولەتییەکان) و بەستنی پەیمانامە نێودەولەتییەکان ( مەرجە شەکلییەکان: گفتوگۆ, ڕێگەپێدان, واژووکردن, پەسەندکردن, تۆمارکردن, خۆگری) | یەکەم |
| مەرجە بابەتییەکانی بەستنی پەیماننامە نێودەولەتییەکان ( شیاوەتی, دروستی ڕەزامەندییەکە, ڕەوایەتی بابەتی پەیماننامە) | دووەم |
| جێبەجێ کردنی پەیماننامە نێودەولەتییەکان | سێیەم |
| تفسیر و هەمواركردن و كۆتایی هاتن بە پەیماننامە نێودەولەتییەکان | چوارەم |
| ڕێككەوتننامە نێودەولەتییە گومرکییەکانی پەیوەندار بە ڕێکخراوە نێودەولەتییەکان (حوکمە گشتییەکان (پێناسەو مێژوو و ئامانج و بنەماکانی ڕێکخراوی گومرگی جیهانی) | پێنجەم |
| ڕێككەوتننامە نێودەولەتییە گومرکییەکانی پەیوەندار بە ڕێکخراوی گومرگی جیهانی ( ڕێككەوتننامەی سیستەمی هەماهەنگی پۆلێن کردنی کالایەکان, ڕێككەوتننامەی کیۆتو) | شەشەم |
| سیستەمی هاتنەژوورەوەی کاتی (ATA) و ڕێككەوتنامەی ئیستەنبۆل, و ڕێككەوتننامەی تایبەت بە ترانزێتی دەولی (ITI) و ڕێككەوتننامەی گومرگی کانتینەرەکان. | حەوتەم |
| سیستەمی هاتنەژوورەوەی کاتی (ATA) و ڕێككەوتنامەی ئیستەنبۆل, و ڕێككەوتننامەی تایبەت بە ترانزێتی دەولی (ITI) | هەشتەم |
| ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە گومرگ ( ڕێکخراوی بازرگانی جیهاتی) ( حوکمە گشتییەکان) | نۆیەم |
| ڕێككەوتننامەکانی سەر بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهاتی | دەیەم |
| کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بازرگانی و گەشە سەندن (UNCTAD), ژووری بازرگانی دەولی (ICC), فیدراسیۆنی خالی بازرگانی جیهانی (WTPF), یەکێتی نێودەولەتی پۆستە (UPU) | یازدەهەم |
| ڕێككەوتننامەی ئاسانکاری گواستنەوەی دەریایی نێودەولەتی, ڕێككەوتننامەی یەکخستنی ڕێسایەکانی گواستنەوەی هەوایی, ڕێككەوتننامەی گواستنەوەی وشکانی نێودەولەتی. | دوازدەهەم |

**پرسیارە نموونەیی یەکان:**

پ1/ ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە؟

1.شیکردنەوەی ڕێککەوتننامە نێودەولەتییەکان 2. ڕێککەوتننامەی گات 3. ڕێککەوتننامەی کیۆتۆ 4. ڕێككەوتنامەی سیستەمی هەماهەنگی پۆلێنی کالا.

پ2/ ئەم بابەتانەی خوارەوە بە کورتی باس بکە:

أ- باسی شێوازی هەموار کردن کۆتایی هێنان بە ڕێککەوتننامە نێودەولەتییەکان بە کورتی؟

ب- باسی ڕێکخراوی گومرگی جیهانی و ئامانج و بنەماکانی بکە بە کورتی؟

پ3/ پیناسەی ڕێككەوتننامە نێودەولەتییەكان بكە، و تایبەتمەندی و جۆرەكانی ڕوونبكەرەوە؟

پ4/ ئەم حالەتانەی خوارەوە  بە كورتی ڕوون بكەرەوە:

أ –  ئاسەواری ڕێككەوتننامە گومرگییەكان لە سەر دامەزراوەی گومرگ چین؟

ب– ئایا هەرێمی كوردستان وەك هەرێمیك بۆی هەیە ڕێككەوتننامەی گومرگی نێودەولەتی ببەستێت یاخود نا؟  وە بۆ چی؟ و ئایا بۆی هەیە ببێت بە ئەندام لە ڕێكخراوە نێودەولەتییەكانی تایبەت بە بواری گومرگ یاخود نە؟ وە بۆچی؟

جـ– خالە باش و خراپەكانی بە ئەندام بوونی عێراق لە ڕێكخراوی گومرگی جیهانی؟

- **Extra notes:**

The use of new technologies and tools such as video conferencing, smart board and visiting sites, helps greatly students to development of science and understanding lectures rapidly.

- **External Evaluator:**

This course book have been reviewed and revised By